# ئاڵاو سەربەخۆیی کوردستان

**ئەحمەد دەشتی**

من لە جێگەی باسی چاوو سینەیی یاران بکەم
باسی ئاڵاو سەربەخۆیی خاکی کوردستان دەکەم

من لە ڕێگەی سەربەخۆیی کوردو کوردستانی خۆم
گیان وهەست و چی هەمە من بۆ هەوار قوربان دەکەم

من کە زامی سالەهای ساڵ سەربەخۆییم بویتە بەش
نابەزم قەت ناسرەوم تا ڕەهایی ژیان نەکەم

من لەسەر بستێ لە زێد و خاکی باوو باپیران
هەروەکو کەرکوک کە هەرگیزسازش‌وسازان ناکەم

من کە کوردم خاکی کوردم دین و ڕوگەو هەستمە
بۆیە هەردەم خۆم بە قوربان کوردو کورستان دەکەم

وا لە ڕێگەی گشت شەهیدان ناسرەوم قەت ناسرەم
تا هەتاکو سەربەخۆیی و ئاڵای کوردان‌بەرزەکەم

من سنووری خاکی کوردو کوردستانی خۆم دەوێ
چاو لە ڕۆژی سەربەخۆیی خاکی کوردستان دەکەم

هەر دەبێ کە ڕۆژێ بێتن سەربەخۆم بێ خاکی کورد
نەخشەی وارم هەر لە باشورتاسەرو نیشان دەکەم

گشت ئەوانەی زۆر لەمێژە خاکی کورد داگیر دەکەن
ڕۆژێ دێ من دەریان‌دەکەم،تف لەچارەی وان دەکەم

خاکی کوردم بۆ هەمیشە سەربەخۆو ئازاد دەکەم
من بە تەکنیک خاکی خۆم پێش دەخەم‌وجوان دەکەم

کێ کە بێت و مافی کوردم داگیرو پێشێل بکا
هەروەکو سەگ ڕای دەکێشم من نەیاران دەردەکەم

تاهەمە من وا لە کورد ناسرەوم قەت ناسرەوم
خۆم بە قوربان بەرزیئاڵاو سەربەخۆی کوردان دەکەم

کەی وەڵاتم سەربەخۆ و ئازدی دی پێشی دەخەم
من بە نەوت و هێز و کانم نیشتمان شادان دەکەم

2005 بە یادی کوردستانەکەم و دەستوری هەمیشەییعێراق و عێراق و خەمەکانی کوردستان